سەروتار

# ئاڵوگۆڕە خێراکانی ناوچەکەو بارودۆخی کورد

دیبلۆماتیک ئایدیا

بەهۆی کاریگەری روداوە سیاسیەکان لە سەرتاسەری جیهانداو ڕاڤەکردن و بەدواداچوون بۆ روداو و ئالوگۆڕە ناوخۆیی و ناوچەیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتپەکان، (ئایدیا دیبلۆماتیک) هەولێکە بۆ پاڵپشتی ئەو بۆچوونەو بەئاگابوون لە ئالوگۆڕو هاوکێشە سیاسیەکان، بۆ نمونە لە نزیکترین شوێن کە راستەوخۆ کاریگەری بەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەیە، یان دوو لەتی یەک سیستمی سیاسین لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی وەک عیراق ، قەیرانی جۆراوجۆر روودەدات، لە بابەتی قەیرانەکانی ئەم دواییەی لابردن و لێسەندنەوەی متمانە لە مالیکی، کێشەکە نەک هەر خەریکە داهاتوی سیاسی هەرێم و عیراق دەخاتە مەترسییەوە، بەلکو بەرەو شلەژانی زیاتری کێشە مەزهەبی و تائیفییەکان دەروات، بە تایبەت لە نێوان شیعەو سوننە، لەوەش خراپتر دەخالەتی زیاتری ئێران و تورکیا و سعودیە لە قەیرانەکان، خەریکە پێدەنێتە شێوازێکی بێ چارەسەر، بێگومان کورد بۆتە بەشێک لەو قەیرانانە کە پێشتر رۆلی ناوبژیوان و چارەسەری دەبینی.

پەیوەست بە کوردستان و عێراقەوە رووداوە سیاسیەکان روون نین، بەڵام چاوەروانی شتی باشیان لێناکرێت بەم حالەوە کە ئێستا بەشێک لە هێزە کوردی و شیعی و سوننییەکان خەریکن.

لەسەر ئاستی ناوچەکە گەرمترین رووداو، مانەوەی حکومەتی سوریا و بەشار ئەسەدە، پاش کوشتنی دەیان هەزار کەسی بێ دیفاع، بەڵام کێشەو ململانێکانی روسیا، ئەمریکاو ئەوروپا، هێشتا نەگەیشتونەتە یەکلایکردنەوەی ئەو رووداوانە و زۆر لایەنیش ئەجێندای خۆیان لەسەر ئەوە بونیاد دەنێن، کە روخانی بەشار ئەسەد حەتمیەو تەواو بووە.

ڕوخان و دوای روخانی سوریا ئاڵوگۆڕەکان و رۆلی داهاتوی کورد، کاریگەری نێگەتیڤی دەخالەتی تورکیا و ترسی لە رۆلی PKK لەو وڵاتەدا چیدەبێت و چارەنوسی سیاسی هاوشێوەی میسر و تونس، دەکەوێتە دەست ئیخوانەکان و بەنادیاری دەمێنێتەوە و گەرای ئیسلامگەرایی باشتر ناوچەکە دەتەنێت؟

ئەگەر نەروخاو مایەوە هاوکێشە سیاسیەکان چی لێدێت؟

ململانێی تورکیاو PKK شەڕو پێکدادان دەگەن بە کوێ، سەر لەنوێ رۆڵی تالەبانی بۆ ئاگربر دەتوانێ سیناریۆی سەردەمی ئۆزال دوبارە بکاتەوە، یان دەکرێت تورکیا و کورد، یان ئەردۆگان و ئۆجەلان وەکو یاسر عەرەفات، پێریز، یان ماندێلا و دیکلێرک پرۆسەیەکی ئاشتی سەرکەوتو ئەنجام بدەن لە بارەگای شارەوانی ئۆسلۆ خەلاتی نۆبلی ئاشتی حاسل بکەن، یان شەر چارەنوسی داهاتوی ئەو وڵاتانە بە نادیاری دەهێلێتەوە.

دۆسیە ئەتۆمیەکەی ئێران کە بۆتە تارماییەک لە ناوچەکە و رۆلی کاریگەری لەسەر نرخی نەوت و قولبوونەوەی قەیرانی سیاسی مێژوویی عەرەب و فارس، یان شیعە و سوننە لە نێوان ئێران لەلایەک و عەرەبستانی سعودیە و تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەلایەک داناوە.

دانیشتنەکانی نێوان تاران و گروپی (1+5) لە ئەستەنبولەوە بۆ بەغدا و ئێستاش بۆ روسیا ئاماژەن بۆ ملدانی ئێران بە فشارە نێودەولتیەکانی خۆرئاوا بەناچاری، ئەگەرنا رەنگە بە فشاری ئیسرائیل و بەشداری خۆی و ئەمریکا شەرێکی تر رووبدات و بۆردومانی بنکە ئەتۆمیەکانی ئێرانی لێبکەوێتەوە. هەر ئێستا کێشەکانی ئێران و پرۆژە ئەتۆمیەکانی کاریگەری گەورەی لەسەر بواری نەوت و

ململانێی سیاسی داناوه.

له‌لایه‌کی تریشه‌وه ئێران له هاوکێشه سیاسیه نوێکان و ئالۆگۆڕه‌کانی به‌هاری عه‌ره‌بی بێ کاریگه‌ر نیه له لوبنان و عیراق، تا ده‌گاته سوریا و به‌حره‌ین و یه‌مه‌ن ڕۆلی کاریگه‌ری هه‌یه، وه‌کو هیلالی شیعی له کێبرکێی سه‌ختدایه له‌گه‌ڵ سعودیه و تورکیا، تا ئێستاش وه‌کو زلهێزی ناوچه‌یی و نوێنه‌ری ئیسلامی شیعه ره‌فتار ده‌کات و له لایه‌که‌وه ده‌ستی گرتووه به سوریاوه نه‌روخێ و پالپشتی سه‌رسه‌ختی مالیکی له عێراقداو ده‌ستێکی به حه‌سه‌ن نه‌سرولڵاوه‌یه له لوبنان و نوێنه‌رێکی خۆی ناردوه‌ته به‌حره‌ین بۆ رێبه‌رایه‌تی شیعه‌کانی ئه‌و ولاته.

ئالوگۆره‌کانی به‌هاری عه‌ره‌بی پاش قسه‌کردنی زۆر چه‌ند ده‌رئه‌نجامێ له دوای خۆی به‌جێهێشت له‌وانه:

- رژێمه دیکتاتۆرییه‌کان کۆتاییان پێهات.

- هێزه سیاسییه ئیسلامییه‌کان و به تایبه‌تی ئیخوان موسلیمین له زۆربه‌ی ولاّتان پێشره‌وییان کردووه، ئه‌مه‌ش له قازانجی پرۆسه‌ی دیموکراسی و ئازادییه‌کاندا نییه.

- چاره‌نوسی داهاتوی ئه‌م ولاّتانه هێشتا دیار نییه، پرۆسه‌ی به‌هاری عه‌ره‌بی هیچ که‌س نازانێت به سوریا یان ئێران یان... کۆتایی دێت، له‌سه‌ر ئاستی نێوده‌وله‌تی چه‌ند ولاّتی یه‌کێتی ئه‌وروپا توشی قه‌یرانی دارایی سه‌خت بوون، به بابه‌تی یۆنان ، ئیسپانیا و پورتوگال و تارمایی ئه‌وه‌یان دروستکردوه، یه‌کێتی ئه‌وروپا بکه‌وێته به‌رده‌م مه‌ترسی لێکهه‌لوه‌شانه‌وه به‌شێکیش به پلانی ئه‌مریکای ده‌زانن له دوای شکستی یه‌کێتی سۆڤیه‌ت، هه‌رچی ویلایه‌ته یه‌کگرتوه‌کانی ئه‌مریکایه پێده‌چێت ئه‌جێندای کارکردنی له رۆژهه‌لاّتی ناوه‌راست گۆریبێت، گه‌ر پشتیوانی له ئیسلامییه‌کان نه‌کات، به فیعلی واته گه‌یشتوه‌ته قه‌ناعه‌ت که دژایه‌تیان ناکات و ئالوگۆریه‌کانی به‌هاری عه‌ره‌بی ئه‌وه‌یان پێوتین.

به‌لاّم هه‌لبژاردنه‌کانی داهاتوی ئه‌مریکا چانسی به‌کارهێنانی هێزی سه‌ربازی وه‌کو کارت له‌به‌رده‌میدا ماون، گرنگترین خاڵ سه‌باره‌ت به کورد له ناوچه‌که‌دا، که ئایا چاره‌نوسی چی ده‌بێت ره‌نگه زۆر هه‌وڵ و هه‌والی جۆراوجۆر هه‌بووبن، به‌لاّم ده‌ریخست سه‌ره‌رای هاوپه‌یمانی یه‌کێتی و پارتی، رووداوه‌کانی عیراق کاریگه‌ری داناوه له نێوان دوو سیاسه‌ت و دوو بۆچوونی جیاواز، که ره‌نگه بۆنی دابه‌شبوونی ناوچه‌یی، یان دابه‌شبوونی مه‌زهه‌بیشی لێبێت له نێوان شیعه و سوننه، یان ئێران و تورکیا.

ئه‌م خاله‌ش ده‌ره‌ئه‌نجامی کاریگه‌ری سیاسه‌تی هه‌رێمه له ناوچه‌که، که کورد ناتوانێت بێلایه‌ن بێت و یه‌کێتی و پارتیش وه‌کو دوو هێزی ئه‌ساسی خاوه‌ن بریار و بۆچوونی سیاسی و فکری لێکدانه‌وه‌ی جیاوازیان هه‌یه بۆ رووداوه‌کان، به‌لاّم گرنگه له قازانجی کورد چۆن پێش ده‌چێت.

هه‌رێمی کوردستان که خاوه‌نی پێگه‌یه‌کی سیاسی باشه له هه‌نگاونانی دیموکراسی و ئازادییه‌کان و بوونی ئۆپۆزسیۆن و میدیای ئازاد.

به‌لاّم ره‌هه‌ندێکی تر که بارودۆخی سیاسی کوردی گۆریوه نه‌وته، به‌واتای ئه‌وه‌ی خه‌ریکه ده‌یکاته هێزێکی ئابوری هاوشێوه‌ی ئیماراتی سالاّنی حه‌فتا و هه‌شتاکان، نه‌ک ئێستا.

به‌لاّم قه‌یرانه‌کانی به‌غداد و هه‌ولێر تا دێت قولّتر ده‌بێته‌وه، ئه‌مه‌ش کاریگه‌ری له‌سه‌ر پرۆسه‌ی سیاسی و ئابوری نه‌وتی هه‌رێمیش هه‌یه.

مه‌سه‌له‌ی ده‌وله‌تی کوردی یه‌کێک بوو له باسی گه‌رمی میدیاکان، به‌لاّم سه‌ره‌نجام ده‌رکه‌وت ناتوانێت بگاته مه‌نزڵ و زیاتر له‌وه‌ی دیفاکتۆ و کارسازی بۆ کرابێت بانگه‌شه‌ی میدیاکان بوو.

چونکه دواتر ده‌رکه‌وت نه‌ک عیراق و تورکیا و ئێران کارتی زۆریان به‌ده‌سته‌وه‌یه، به‌لکو ئه‌مریکاش گره‌نتی شتی وانادات، له ئێستادا کورد ده‌بێت بیر له درێژه‌دانی به ژیان له‌گه‌ڵ عیراق بکاته‌وه.

خۆپیشاندانه‌کانی 17ی شوباتی پار له سلێمانی لای یه‌کێتی و چه‌ند مانگی رابـردووی هه‌ولێر، دوو بۆچوون و دوو روداوی سیاسی بوون، که ده‌رئه‌نجام دوو مامه‌له و دوو سیاسه‌ت و دوو پره‌نسیپی جیاوازی تیا پراکتیزه کرا و کۆتاییان هات، له هه‌ندێ شوێن به قازانجی پرۆسه‌ی دیموکراسی چووه پێش و له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا ئۆپۆزسیۆنی والێکرد به‌خۆداچوونه‌وه بکات به‌خۆیداو، بێته سه‌رمێزی گفتوگۆ و ئۆپزسیۆنیش دوو تێروانینی جیاوازیان بۆ دروستبوو له قه‌یرانی مالیکی و عێراقیشدا دلنیام سیاسه‌تی لۆژیکی و واقیعی ده‌توانێت ئیداره‌ی قه‌یرانه‌کان بکات و عێراق به‌ره‌و ئارامبوونه‌وه به‌رێت نه‌ک به چاره‌نوسێکی نادیاری بسپێرێ و دلنیام سیاسه‌تی لۆژیکی تاله‌بانی و (ی.ن.ک) رۆلی پۆزه‌تیڤی ده‌بێت، به خاتری کوردو پرۆسه‌ی دیموکراسی و عێراقێکی فیدرالی ئارام.

قسه‌که ئه‌وه‌یه کورد له پاش بانگه‌شه‌ی سه‌ربه‌خۆیی له پاش خۆپیشاندان و ململانێکان، ئێستا چۆن ده‌توانێت له قه‌یرانی لابردنی مالیکی لۆژیکانه مامه‌له بکات و بتوانێت هه‌مو ره‌هه‌نده‌کان بخوێنێته‌وه، نه مل بدات بۆ داواکانی مالیکی، نه‌هێزی فشاریش بێت.

نه‌بێته لایه‌نێک له دژایه‌تیکردنی شیعه‌کان و نه‌ببێته پاڵپشت بۆ سوننه‌کان بۆ له‌سه‌رکار لابردنی، که هیچ کات منه‌تیان له کورد نه‌بووه و دۆستی نه‌بوون نه ببێته لایه‌نگری تورکیا، که دژی بارودۆخی کورد له ولاّته‌که‌ی له دژی کوردستانی سوریا پلان ده‌چنێت بۆ داهاتوو دلیشی به هه‌رێمی کوردستان زۆر خۆش نییه‌و، به‌ناچاری نه‌بێت، واش نه‌که‌ین گوێ نه‌ده‌ینه سیاسه‌تی ئه‌مریکا و ئێران له ناوچه‌که و هێز و نفوزی دۆستایه‌تی و په‌یوه‌ندیه‌کانیان و به‌رژه‌وه‌ندییه‌کانیشیان له‌به‌رچاو نه گرین.

چونکه ئێمه وه‌کو کورد هێزێک نین هه‌ره‌شه بکه‌ین و هێزێک نین به‌رگه‌ی پیلان و هه‌ره‌شه‌ی جدی هیچ کام له‌م لایانانه بگرین چ له بواری سه‌ربازی و چ ئابوری، ئه‌مه‌ش عه‌یب نییه‌و واقیعیه، چونکه ئێمه سه‌ره‌تای گه‌شه‌یه‌کی باشمانه‌و ره‌نگه به‌شێکی ئه‌م رووداوانه ته‌له‌بن بۆ کورد و له‌ت له‌تبوونی یه‌کگرتویی و دابه‌شبوونی شکستی توانا و ئه‌زمونه‌کانی.

سه‌رنوسه‌ر